Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10203

# لایەنی کارگێری و زانست و شارستانی شاری حەلەب لە سەردەمی

# الملك الظاهر غازي (582-613ك/1186-1216ز)

پەیوەند رحمان مولود، مهدی صالح فرحان
بەشی مێژوو، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستانی عێراق

**Article Info**

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

**Keywords**

الملك الظاهر غازي، کارگێری، صلاح الدين، وەزیر، قوتابخانە

**Corresponding Author**

**پوختە :**

پوختەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە خستنە رووی لایەنی کارگێری و زانست و شارستانی شاری حەلەبە لە سەردەمی فەرمانڕەوای الملك الظاهر غازي (582/613ك/1185/1216ز) کوڕی السلطان صلاح الدين. یەکێك بووە لە حوکمڕانە ناودارەکانی دەوڵەتی ئەیوبی. قۆناغی فەرمانڕەوایەتیەکەی لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستدا بە قۆناغێکی پڕشنگدار تێپەڕیوە و ڕەنگدانەوەی هەبووە لە مێژووی شاری حەلەبدا. ئێمەش لێرەدا مەبەستمان تیشك خستنە سەر لایەنی بەڕێوەبردنی وڵاتە لە رووی ئیداری و کارگێری و هاندان و گرنگی دانی الملك الظاهر غازي بە زانست و زانیاری و کردنەوەی قوتابخانەو ئاوەدانکردنەوەی شاری حەلەب لە رووی شارستانیەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە دەرخەری ئەم ڕاستیەیە تاوەکو بزانین الملك الظاهر غازي چۆن دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردنی دابەش کردووە بەسەر کەسایەتیەکان بە پێی لێهاتوی شارەزایان بە تایبەت دەسەڵاتی دادوەری و دارایی و دامەزراندی وەزیرەکانی و دەستنیشان کردنی نوێنەرەکانی، تا چەند پەیوەندی پتەو بووە لەگەڵ نوسەر و زانایان و فەقێکان و چینی زانست خوازان. بە پەرۆش بووە بۆ هاندان و کردنەوەی قوتابخانەکان و ئاوەدان کردنەوەی شاری حەلەب لەو سەردەمەدا.

**پێشەکی:**

دەوڵەتی ئەیوبی یەکێك بوو لە دیارترین ئەو دەوڵەتانەی لە سەدەکانی ناوەڕاست سەری هەڵداوە بە تایبەت لە سەدەی شەشەمی کۆچی / دوانزەیەمی زاینی بەناوبانگ بوون و پێگەی دەسەڵاتی خۆیان چەسپاند لە هەر دوو وڵاتی میسرو شامدا. لە هەمان کاتدا لە ڕووی سیاسیەوە توانیان ببنە قەڵغانێك لە پێناو بەرگری کردن و پاراستی ئەو ناوچانە لە بەرامبەر وڵاتە ئەورووپیەکانی ئەو کاتە. لە شەڕەکانی خاچی دا وەکو هێزێکی دیار و سەربەخۆ لە ڕووی سیاسی و سەربازی و شارستانی دا شوێن پێگەی خۆیان دیاری کرد.

الملك الظاهر غازی (582-613ك/ 1184-1216ز) کوڕی االسلطان صلاح الدين ئەیوبی یەکێك بوو لە پاشا گرنگ و ناودارەکانی ئەم دەوڵەتە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیەکەی قۆناغێکی پڕشنگدار بوو، لە ڕووی بەڕێوەبردنی سیاسی و کارگێری و شارستانی شاری حەلەبدا کاریگەریەکەی وای کرد ئەم شارە پێشکەوتنێکی گرنگ و خێرا بەخۆوە ببینێت.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تاوەکو تیشك بخەینە سەر قۆناغێکی گرنگی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست تایبەت بە بنەماڵەیەی ئەیوبیەکان کە سەر بە هۆزی ڕەوادی کوردین ڕۆڵێکی کارایان گێڕا لەم قۆناغەدا. تاوەکو دەرخەری ئەو ڕۆشنایە بین کە چۆن الملك الظاهر غازي گرنگی بە بەڕێوەبردنی وڵات داوە لە ڕووی سیاسی و کارگێری و دارای و دابەش کردنی دەسەڵاتەکان بە سەر

دادوەرو وەزیر کاربەدەستەکانی واتە خستنەڕووی وێنەیەکی ڕوون لە دۆخی کارگێڕی ئەوکاتە.

جگە لەوە سەرنج دەخەینە سەر لایەنی زانست و شارستانی بە تایبەت هەوڵەکانی بۆ بایەخدان بە زانست خوازان و ئاوەدان کردنەوەی شاری حەلەب لە ڕێگەی کردنەوەی قوتابخانە و دام و دەزگای فێرخوازی لەبەر ئەوەی کەمتر بایەخ بەو قۆناغە مێژوویە دراوە لە لایەن توێژەرانەوە. دیارترین خاسیەت لە سەردەمی پاشاکانی ئەیوبی بە تایبەت لەسەردەمی الملك الظاهر غازي بریتی بوو ڕاکێشانی زانایان و پاڵپشتی کردنیان بۆ نوسین و بڵاوکردنەوەی زانست لە بوارە جیاوازەکاندا بۆ ئەوەی دەوڵەتەکەی لەپاڵ لایەنی سیاسی دا سیمایەکی ڕۆشنبیری و ئاینیش وەربگرێت.

سەبارەت بە ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لە ڕووی شێوازی دارشتنیەوە پێك هاتووە لە پێشەکی و سێ باسی سەرەکی لەگەڵ خستنە ڕووی چەند ئەنجامێك، لە کۆتایشدا لیستی سەرچاوەکان و پوختەکەی ڕێکخراوە. باسی یەکەم لایەنی کارگێری و چۆنیەتی پەروەردەبوونی الملك الظاهر غازي لە خۆدەگرێت دابەش کراوە بەسەر دەسەڵاتی دادوەری و وەزیرەکانی و لایەنی دارایی و ئەم نوسەرانەی کە لە دیوانی وەزارەت و کۆشك کاریان کردووە. باسی دووەم تایبەتە بە پەیوەندی الملك الظاهر غازي لەگەڵ شاعیران و پزیشکان و فەقێکانی شاری حەلەب، پەیوەندی لەگەڵ الشهاب الدين السهروردي. باسی سێیەم تەرخانکراوە بۆ لایەنی شارستانی و ئاوەدان کردنەوەی حەلەب لە ڕووی دامەزراندنی فێرگەکانی خوێندن و دامەزراندنی مزگەوت و گرنگی دان بە سیستەمی ئاودێری شارەکە.

ڕێبازی مێژووی پشت بەستراو لەم توێژینەوەیەدا شێوازی زنجیرەیی و شیکاری لە خۆ دەگرێت لە ڕێگەی بەیەکەوە بەستنەوەی ئەم زانیاریە مێژوویانەی کە لە سەرچاوە ڕەسنەکان دا هاتووە بۆ پێشاندانی ڕۆڵی کەسایەتی لە ڕووی کارگێری شارستانیەوە بۆ خستنە ڕووی زانیاریەکان بە پشت بەستن بەو سەرچاوانەی کە نوسەرەکانیان هاوسەردەمن لەگەڵ قۆناغی توێژینەوەکەدا، یاخود لە سەردەمێکی نزیك لە ڕووداوەکاندا ژیاون. هەروەها ئەو سەرچاوانەش کە لە قۆناغی دواتر نوسراون، لەگەڵ گەڕانەوە بۆ ژێدەرەکان و بە کارهێنانی سەرجەم ئامرازەکانی ڕێبازی لێکۆڵینەوەیی مێژوویی بە سود وەرگرتن لە ڕوانگەو تێروانینمان بۆ ئەم مەبەستە.

## باسی یەکەم: الملك الظاهر غازي و بەڕێوەبردنی لە ڕووی لایەنی ئیداری و کارگێری

### ١. لە دایك بوون و چۆنیەتی پەروەردەبوونی:

أبو الفتح أبو منصور غازي کوڕی السلطان صلاح الدين يوسف کوڕی نجم الدين أيوب کوڕی شادی (ابن خلكان، 1978، 4: 6). بە الملك الظاهر غياث الدين خاوەنی حەلەب ناسراوە (أبو شامة، 2002، 5: 145). لە بنەماڵەیەکی ناودار و خاوەن دەسەڵات لە وڵاتی میسر لە شاری قاهیرە لە ساڵی ( 568ك/1173ز) لە دایك بووە (ابن واصل، 1957، 3: 242 ؛ الحنبلي، 1990، 252). کوڕی سەرکردەی دیاری کورد السلطان صلاح الدينی ئەیوبیە (ابن فضل الله العمري، 2010، 16: 139).

وەکو هەر کوڕە پاشایەك یاخود دەسەڵاتدارێك، باوکی گرنگی زۆری پێداوە لە منداڵیەوە بۆ پەروەردە بوونی ناردویەتە لای چەندین مامۆستا و زانای بەناوبانگ. ئەو گرنگی پێدانەی السلطان صلاح الدين بە الظاهر غازي کوڕی بۆ ئەوە بوو وەکو خۆی بە توانا بێت و ببێتە جێگرەوەی، تاوەکو لە دوارۆژدا بە باشترین شێوە فەرمانڕەوای بکات و وڵات بەڕێوەبەرێت.

بۆ ئەو مەبەستە الظاهر غازي لە لای بەناوبانگترین کەسایەتیەکانی ئەو سەردەمە وانەی خوێندووە وەکو زانا بەناوبانگەکانی وڵاتی میسر لە شاری ئەسکەندەریە بە تایبەت مامۆستایانی زانستی شەریعە وەك أبي الطاهر اسماعيل کوڕی مكی کوڕی عوف الزهری ساڵی (851ك/1185ز) مردووە. یەکێك بووە لە زانا بەناوبانگەکان، زانستی فیقهی لە لای ئەو خوێندوەوە (المنذری، 1984، 2: 368). هەروەها لەلای فەقێ المالكي ناسراو بە صدر الاسلام کە خاوەنی چەندەها بەرهەمە پێشتریش مامۆستای السلطان صلاح الدين بووە (السيوطي، 1967، 1: 453).

دواتر لە لای أبی محمد عبدالله کوڕی بری ساڵی (582ك/1186ز) مردووە. وانەی وەرگرتووە ناوبراو مامۆستایەکی ناودار بووە لە زانستی زمانی عەرەبیدا. الملك الظاهر غازي یەکێك بووە لە فێرخوازە بە ناو بانگەکانی لە ڕووی زانستی زمانەوانیەوە زۆری لێ فێربووە (الذهبي، 1986، 21: 297).

لە قاهیرەش چۆتە لای أبو قاسم عبدالله بن علی الانصاری لە ساڵی (578ك/1182ز) مردووە. ئەویش ژمارەیەکی زۆر خوێندکاری لە ژێر دەستی پەروەردە و ناوبانگێکی گەورەی هەبووە لە سەردەمەکەی خۆی دا زۆربەی زانستە دینیەکانی لە ئەو وەرگرتووە (ابن الفرات، 1970، 1: 195 ؛ اليافعي، 1997، 2: 310).

ئەوەی شایانی باسە هەر بۆ بە دەست هێنانی زانست و زانیاری و فێربون ڕووی کردۆتە وڵاتی شام لە لای زاناکانی ئەو سەردەمە پەرەی بە فێربوون داوە. لە شاری دیمەشق لە ژێر دەستی أبي المجد الفضل بن الحسين بن ابراهيم البانياسي ساڵی ( 643ك/1245ز) مردووە. خوێندویەتی کە یەکێك بووە لە زانا نوێخوازەکانی سەردەمی خۆی لە وڵاتی شام (ابن الفرات، 1970، 1: 195). جگە لە دابین کردنی مامۆستاو زانا بۆ پەروەردەکردنی هەر لە منداڵیەوە باوکی بەخێوکەرێکی بۆ

داناوە بە ناوی سیف الدین یازکج ساڵی (599ك/1203ز) مردووە. یەکێك بووە لە گەورە سەرکردەکانی سوپایی ئەسەدی ئەم سوپایەش پێك هاتبوو لە سەربازەکانی أسد الدین شێرکۆ، لە لایەن السلطان صلاح الدین دامەزرابوو (الحایك، 2006، 1: 95).

سەرەرای پەروەردەبوونی الظاهر غازي لە ڕووی هزریەوە هاوکات لە ڕووی جەستەیشەوە گرنگی پێدراوە فێری هونەرەکانی جەنگیش کراوە وەکو سوارچاکی و ڕم هاوێژی و شمشێربازی بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئاسانی سەرکردایەتی سوپاکەی بکات و سەرکەوتو بێت بەسەر دوژمنەکانیدا (ابن خلكان، 1978، 4: 9 ؛ الصفدي، 2000، 19: 240).

سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژەیان بەوە کردووە هەر لە منداڵییەوە کەسێکی زیرەك بووە کە گەورەش بووە هاوڕێیەتی سەرکردە ناودارەکانی وەك میر و وەزیر و مەلیکەکانی ئەیوبی کردووە. دیار ئەمەش بە هۆی ئەم ژینگەیەی کە تێی دا لە دایك بووە، هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی پێشینەیەکی هزری ئاینی و ڕۆشنبری پێ ببەخشێ، هەر کە چاویشی کردۆتەوە خۆی لە ناو بنەماڵەیەکی سیاسی بە ئەزموون و گەورەدا بینیوەتەوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبووە بەسەر ژیانیدا بۆیە لە قۆناغی هەرزەکاریەوە کاری سیاسی ئیداری ئەنجامداوە (أبو شامة، 2002، 5: 145؛ النعيمي، 1990، 1: 257).

سەرەرایی ئەوانەش لە لای السلطان صلاح الدین خۆشەویست بووە لە تەمەنی (10) ساڵیەوە لە میسرەوە لەگەڵ خۆی بردویەتی بۆ دیمەشق ئیتر سەرەتای کاری سیاسی لەو کاتەوە دەستی پێکردووە (السهروردي، 2016، 20). دیارە هەر وەکو نەریتی بنەماڵەی ئەیوبیەکان السلطان صلاح الدین کوڕەکانی خۆی هەر لە منداڵیەوە بۆ کاری سیاسی ڕاهێناوە و وەك فەرمانڕەوا دایناون بە سەر هەرێم شارەکانی ژێردەسەڵاتی خۆیەوە، لەم چوارچێوەیەشدا لە ساڵی (582ك/1186ز) الظاهر غازي کردووە بە فەرمانڕەوای شاری حەلەب (ابن واصل، 1957، 2: 180 ؛ أبو الفداء، 1997، 2: 154).

لە ساڵی (609ك/1212ز) کاتێك الملك الظاهر غازي لە ڕووی سیاسیەوە پەیوەندی باش نەبوو لەگەڵ الملك العادل بۆ ئەوەی نێوانی لەگەڵ مامی باش بکاتەوە هەڵساوە لە بەرژەوەندی خۆی (Ruggles, 2000, 21)، هاوسەرگیری لەگەڵ کچەکەی بە ناوی ضيفة خاتون ئەنجام داوە (ابن واصل، 1957، 3: 213 ؛ ابن الفرات، 1970، 1: 125 ؛ علي، 1988، 150)

بۆ ماوەی زیاتر لە (31) ساڵ لە ڕووی سیاسی و سەربازی و شارستانیەوە فەرمانڕەوای شاری حەلەبی کردووە تاوەکو لە ساڵی (613ك/1216ز) لە شاری حەلەب کۆچی دوای کردووە (ابن خلكان، 1978، 4: 7 ؛ الخياط: 2002، 93 ؛ ابن فضل الله، 2010، 6: 140).

## 2. دەسەڵاتی دادوەری

پێگەی دەسەڵاتی دادوەری یەکێك بوو لە پلە باڵاکانی دەوڵەت لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەیوبیەکاندا. ئەو کەسایەتیەی هەڵدەبژێردرا بۆ ئەم پۆستە هەموو ئەو ئەرکانەی دەکەوتە ئەستۆ کە پەیوەندی بە لایەنی دادوەرییەوە هەبوو. هەرچەند لەم سەردەمەدا (القاضي) دادوەر تەنها بە یەك ئەرك هەڵنەدەستا واتە تەنها کاری دادگەری پیشەی ئەو نەبوو، بەڵکو زۆر جار دادوەر دەبوو بە نوێنەری پاشا یاخود سەرپەرشتی قوتابخانەیەکی دەکرد، ئەوە جگە لەوەی پلەیەکی ئاینی باڵای هەبوو سەرپەرشتی مزگەوتیشی دەکرد. ئەمەش لەژێر فەرمانڕەوای دەوڵەتی ئەوبیەکان لەم سەردەمە شتێکی باو بوو کە دادوەر زیاتر لە کارێکی ئەنجام دەدا.

لە قۆناغی فەرمانڕەوایی الملك الظاهر غازي دا لە حەلەب چەند کەسایەتییەك ناویان هاتووە و ئەم پلەیان وەرگرتووە و بوون بە دادوەر. ئەگەر سەیرکەین یەکەمین کەس ئەم پۆستەی پێ بەخشرا بێت لە حەلەب القاضي محى الدين کوڕی زکی الدين دمشقي بوو لە ساڵی (598ك/ 1202ز) مردووە. دوای ئەوەی هاتە حەلەب بوو بە القاضي (ابن واصل، 1957، 3: 133). هەروەها کەسایەتی زین الدین ندا کوڕی الفضل کوڕی سلیمان البانیاسي وەك جێگری القاضي محى الدين دەست بەکار بوو (ابن خلكان، 1971، 7: 89 ؛ أبو شامة، 2002، 3: 112-113 ).

بەڵام دوای ماوەیەك القاضي محى الدين نێوانی لەگەڵ الملك الظاهر غازي تێك دەچێت و دەرواتە دیمەشق جێگرەکەی لە جێگەی خۆی دادەنێت. هەرچەند مێژوو نوسان ئاماژەیان بە هۆکاری تێك چونی پەیوەندیەکەیان نەکردووە، بەڵام دواتر الملك الظاهر غازي جێگرەکەشی لادەدات. القاضي بهاءالدين أبو المحاسن یوسف کوڕی رافع کوڕی تمیم ابن شداد ساڵی (632ك/1234ز) مردووە. دەکات بە القاضي حەلەب لە ساڵی (591- 1194ز)، (ابن واصل، 1957، 3: 133؛ المقريزي، 1997، 1: 81).

ناوبراو کەسێکی زانا و بە ناوبانگ و مێژوو نوس بوو پێگەیەکی باڵای هەبوو لەلای پاشاکانی بنەماڵەی ئەیوبیدا زۆر ڕێزیان لێ دەگرت و پشتیان پێ دەبەست لە زۆربەی پرسە گرنگەکانیاندا ڕاوێژیان پێدەکرد (Meri, 2006, 1: 368). پێش ئەوەی بێتە لای لەسەردەمی السلطان صلاح الدين القاضي بوو زۆر لێی نزیك بوو، دواتر کە هاتە حەلەب الملك الظاهر غازي پێگەیەکی بەرزی پێبەخشی و کردی بە القاضي (أبو شامة، 2002، 5: 248 ؛ الأتروشي، 2007، 73). هەروەها نجم الدين کوڕی الحجاجي وەك جێگرەوەی دەست نیشان کرد، ابن شداد سەرەرای ئەوەی کە القاضي بوو، بەڵام زۆر جار سەرپەرشتی دیوانی وەزارەتیشی کردووە تاوەکو کۆتایی

تەمەنیشی هەر لە حەلەب ژیاوە ( ابن الوردي، 1996، 2: 168؛ الجبوري، 2012، 208 ).

### 3. وەزیرەکانی

قۆناغی فەرمانڕەوای الملك الظاهر غازي (582-613ك/1186- 1216ز) گرنگترین سەردەمی فەرمانڕەوایی شاری حەلەب بوو لە کاتی حوکمداری دەوڵەتی ئەیوبیەکان دا. ئەو ماوەیەی تێیدا دەسەڵاتدار بوو قۆناغی گەشانەوە بوو لە ڕووی ئیداری و دارایدا. خۆی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی هەموو کارو بارەکانی سیاسی و سەربازی و کارگێری ئیداری دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین کەسایەتی ناودار و بە توانا بەژداری لایەنی ئیداری بەڕێوەبردنی وڵاتیان کردووە. بۆ ئەو مەبەستەش چەند وەزیرێکی لە دوای یەك دامەزراندووە، هەرچەند بە تەواوی کاری ئەو وەزیرانە نازانرێ بەڵام فەرمانەکانی سوڵتانیان جێبەجێ دەکرد، کارو باری سەربازی و ئیداریان لە دەوڵەتدا بەڕیوەدەبرد و زۆربەی جار بەرنامە دارێژەری دەوڵەتیان دەکرد (النقيب، 2012، 12-13 ).

ئەوەی جێگەی ئاماژە دانە الملك الظاهر غازي خۆی کەسایەتیەکانی هەڵدەبژارد و دەیکردن بە وەزیر ئەگەر کەسێکی بە دڵ نەبوایە داینەدەمەزراند تەنانەت داواشان لێکردبا قبوڵی نەدەکرد بۆ نمونە کاتێك ضياء الدين کوڕی الأثر ساڵی (637ك/1239ز) مردووە. وەزیری الملك الأفضلی ( 565-622ك/1169-1225ز) برای بوو، داوای لێکردووە براکەی خۆی الملك نور الدين على بکاتە وەزیر لە لای خۆی (ابن الجوزي، 2013، 22: 33). بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندی پێوە کردووە بەڵام ڕەتی کردۆتەوە قبوڵی نەکردووە، لەبەر ئەوەی هەڵسوکەوتی ضاءالدين ابن الأثيری بینی بوو بەردەوام کێشەی بۆ الملك الأفضل دروست دەکرد لەگەڵ براکانیدا (أبو شامة، 2002، 4: 245-246 ؛ المقريزي، 1997، 1: 231 ؛ النقيب، 2012، 20). ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە پاشایەکی ورد بوو لە هەڵبژاردنی کەسایەتیەکان بۆ پلە گرنگەکانی دەوڵەت.

گرنگترین ئەو وەزیرانەش بریتین:

الحسن کوڕی اسماعيل کوڕی الحسن کوڕی الكاسيبوية ناسراو بە القاضي المؤتمن لە ساڵی (582ك / 1186ز)دا لە لای الملك الظاهر غازي وەزیر بووە. ئەویش لە ژێر فەرمانی السلطان الصلاح الدين داوای لێکردووە کە بچێتە حەلەب خزمەتی بکات ناوبراو لە ساڵی (588ك/ 1192ز) مردووە (ابن العديم، 1968، 5: 2302 ؛ محمد، 2016، 433 ).

بن ماهان یەکێکی تر بوو لەو کەسایەتیانەی کردبووی بە وەزیر لە حەلەب بۆ ماوەی دوو ساڵ (590-592ك/1193-1195ز). دواتر ئەم وەزیرە نێوانی لەگەڵیدا تێك دەچێت بەهۆی خواستی زۆریەوە بۆ دەسەڵات، ئەوە جگە لەوەی ویستویەتی نێوانی الملك الظاهر غازي و الملك العادل تێك بدات لەبەر ئەوە زیندانی کردووە و لە کارەکەی دوری خستۆتەوە (النقيب، 2012، 21).

یەکێکی تر لە وەزیرەکانی جمال الدين ابو غالب عبد الواحد کوڕی الحصين البغدادي ( 592-597ك / 1195-1200ز)، پێشوتر وەزیری السلطان صلاح الدين بووە، بەڵام دوای مردنی السلطان لە ساڵی (589ك / 1193ز) دێتە خزمەتی دەبێتە وەزیری حەلەب (ابن العديم، 1968، 3: 136).

هەروەها نظام الدين أبو المؤيد محمد کوڕی الحسين الكاتب (597- 607ك/ 1200-1210ز) ماوەی دە ساڵ وەکو وەزیر لە لای کاری کردووە (أبو محسن، 2013، 162)، تاوەکو مردنی لە ساڵی (607ك/ 1210ز). ئەم وەزیرە زۆر لە الملك الظاهر نزیك بووە بەردەوام هانی داوە بۆئەوەی لەگەڵ خەڵکەکەی باش بێت. زۆر متمانەی پێی هەبووە تەنانەت وەکو نوێنەری خۆی بەکاری هێناوە بۆ نمونە لە ساڵی (595ك/1199ز) ناردۆتی بۆلای الملك الأفضل هانی داوە تا بەیەکەوە گەمارۆی دیمەشق بدەن (ابن واصل، 1957: 3: 94 ؛ أبو الفيداء، 1968، 3: 95). بە هەمان شێوە لە ساڵی (596ك /1200ز) نظام الدين کوڕی الحسين ناردۆتە لای الملك العادل بۆ ئەوەی دڵسۆزی خۆی پێی ڕابگەێنێت لە خوتبەی حەلەبدا ناوی ئەو بهێنێت (ابن واصل، 1957، 3: 114). ئەمەش ئەوە دەگەێنێت متمانەی تەواوی بەو وەزیرەی هەبووە هەر بۆیە تاوەکو مردنی لە کارەکەی دا هێشتۆتیەوە (ابن الفرات، 1970، 1: 93).

کۆتا وەزیر ئەم پۆستەی وەرگرتبێت شمس الدين کوڕی ابی يعلى ( 609-613ك/ 1212-1216ز) بۆ ماوەی چوار ساڵ وەزیر بوو (أبو محسن، 2013، 162). هەرچەند دوای مردنی الملك الظاهر هەوڵی داوە خۆی تەواوی دەسەڵاتەکانی حەلەب بگرێتە دەست بەڵام هەموو هەوڵەکانی شکستی هێناوە (ابن الواصل، 1957، 3: 249).

ئەگەر سەیرکەین لە تەواوی ماوەی فەرمانڕەوایەتیەکەی تەنها پێگەو ناوی خۆی زیاتر بە دەرەوە بووە! ئەمەش بۆ شێوازی بەڕێوەبردنی ئەو گەڕاوەتەوە واتە خۆی زۆربەی کاروبارەکانی دەوڵەتی ڕادەپەڕاند یاخود سەرپەرشتی القاضي و وەزیر و سەرکردە و کاربەدەستەکانی دەکرد. بە بەراورد بە سەردەمی فەرمانڕەوای الملك الأفضلی برای لە دیمەشق، کە وەزیرەکەی ضياءالدين ابن الأثير دەستەڵاتێکی فراوانی هەبوو لە بڕیارداندا، زۆربەی جار جێ دەستی هەبووە لە یەکلای کردنەوەی کێشەکان لە بەرژەوەندی خۆی ئەمەش پێگەی الملك الأفضلی لاواز کردبوو (ابن خلكان، 1977، 5: 390-391)، بەڵام الملك الظاهر غازي ڕێگەی نەداوە هیچ وەزیرێك ئەوەندە پێگەی بەهێز بێت دەست لە کارو باری وڵات وەربدات.

## 4. نوسەر (الكاتب)

لە دەستەی دیوانی وەزارەتیشدا ژمارەیەکی زۆر لە نوسەران هەبوو کەسێك وەك بەڕێوەبەر سەرپەرشتی دەکردن جگە لەوە جێگرەوەشیان بۆ دادەنا، پەیوەندیەکی پتەو هەبووە لە نێوان نوسەری دیوان و وەزارەت دا بەردەوام لە پەیوەندی و ڕێکخستن دابوون لە گەڵ وەزیرەکان ئیشیان بە نوسراو دەکرد. ئەوەی شایانی باسە کەسانی شارەزاو بە توانا بەڕێوەیان بردوە ئەو کەسایەتیانەی لە دیوان کاری نوسینیان کردووە نوسەری بە ناو بانگ بوین ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتی الملك الظاهر غازي بەردەوام گرنگی پێداون و خۆی سەرپەرشتی کارەکانیانی کردووە (النعيمي، 1990، 2: 235).

جگە لەوەش چەندین نوسەری تایبەت بە خۆی هەبووە هەندێکیان کاریان بریتی بوو لە خوێندنەوە و سەرپەرشتی کردنی ئەو نامانەی کە بۆ پاشا دەهات و یاخود دەینارد، هەروەها ڕاگەیاندن و نوسینەوەی ئەو فەرمانانەی کە لە لایەن پاشاوە دەردەچوون، یان پشکنین و سەیرکردنی ئەو سکاڵا و داواکاریانەی دەهاتن پێش ئەوەی بچێتە بەردەم پاشا. ئەو کەسایەتیەی بۆ ئەم کارە هەڵدەبژێردرا دەبوو جێگەی متمانە بێت (الشقيرات، 2014، 61).

لەگرنگترین ئەو نوسەرانەش جمال الدين أبو الحسن القفطي ماوەیەك لە حەلەب لە لای الملك الظاهر وەکو الكاتب کاری کردوە. أبو القاسم حمزة کوڕی علي الكاتب لە سەردەمی السلطان صلاح الدين نوسەر بووە دوای هاتوتە حەلەب وەکو نوسەری کۆشك دەست بەکار بووە، جمال الدين علي کوڕی صفي الدين أبي القاسم بن الطريرة یەکێکی تر بووە لەو کەسایەتیانەی بە هەمان شێوە کاری نوسەری کردووە لە حەلەب. هەرچەند سەرچاوەکان ئاماژەیان بە ماوەی کارکردنیان نەداوە، جگە لەوەی تەنها وەکو نوسەر ناویان هێناون کە لە لای الملك الظاهر غازي کاریان کردووە (النقيب، 2012، 265).

أسعد کوڕی ابراهيم کوڕی حسين کوڕی على ناسراو بە الكاتب الأربلي ساڵی (656ك/ 1258ز) مردووە. سەرەتا لە هەولێر نوسەر بووە، بەڵام دوای ماوەیەك هاتوتە حەلەب لەسەردەمی وەزیر ابن أبي يعلي وەکو نوسەری دیوانی وەزارەت دەست بەکار بووە و دواتر گەڕاوەتەوە هەولێر (ابن الشعار، 2005، 1: 388).

سەرەڕای ئەوانەش الملك الظاهر غازي پەیوەندی لەگەڵ چەندین مێژوونوسی بە توانای ئەو سەردەمە هەبووە هەندێکیان زۆر لێی نزیك بوین تەنانەت وەکو نوسەر و نوێنەری خۆی بەکاری هێناون وەکو یوسف کوڕی رافع کوڕی تميم القاضي بهاء الدين بن شداد هەروەکو پێشوتر ئاماژەمان پێدا کەسێکی بە ناوبانگ بوو هەم القاضي بوو، نوسەریش بوو (الصفدي، 2000، 22: 431)، لە هەمان کات مێژوونوس بوو خاوەنی پەرتوکی (النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية)، (ابن واصل، 2010، 1: 21). زۆربەی جاریش وەکو نزیکترین کەسی کە جێگەی باوەڕی بێت دەیکردە نوێنەری خۆی (أبو شامة، 2002، 5: 248 ؛ ابن الوردي، 1996، 2: 168).

هەروەها نوسەر و مێژوونوس كمال الدين عمر کوڕی أحمد الحلبي ناسراو بە ابن العديم ساڵی (660ك/1261ز) مردووە. زۆربەی تەمەنی لە شاری حەلەب بەڕێکردووە وەك مامۆستا لە هەردوو قوتابخانەی حەنەفی و الحلاوية لە حەلەب وانەی گوتۆتەوە (Morray, 1994, 5: 2). خاوەنی چەندین بەرهەم بووە وەکو (بغية الطلب في تاريخ حلب)، (زبدة الحلب من تاريخ حلب) چەندین بەرهەمی تر، یەکێك لەم بەرهەمانەی بە ناوی (الدراري في ذكر الزراري) بە دەستی خۆی بە تایبەت پێشکەشی الملك الظاهر غازي کردووە لە ڕۆژی لە دایك بونی الملك العزيزی کوڕیدا (ابن العديم، 1984، 10). زۆربەی جاریش لە کۆڕو کۆبونەوەکانی بەژدار بووە (ابن العديم، 1988، 1: 11).

یەکێکی تر لە مێژوو نوسەکان کە لە هەمان کاتدا پیشەی الكاتب بووە محمد کوڕی صفي الدين محمد کوڕی نفيس الأصفهاني ناسراو بە العماد الكاتب ساڵی (597ك/1201ز) مردووە. سەرەتا نوسەری السلطان صلاح الدينی باوکی بووە. خاوەنی چەند بەرهەمێکی ئەدەبی و مێژووییە وەکو (ديوان رسائلة)، (الفتح القسي في الفتح القدسي)، (البرق الشامي). پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ الملك الظاهر غازي دا هەبووە و هەندێك جار سەردانی کردووە (ابن خلكان، 1971، 5: 150 ؛ ابن واصل، 1957، 3: 36).

## 5. لایەنی دارایی

واتە ئەم کەسایەتیەی بەو کارە هەڵدەستا ئەرکەکانی بریتی بوو لە سەرپەرشتی کردنی موڵکەکانی دەوڵەت یاخود بە کرێ دانیان، ڕێکخستنی پەیوەندەکان لەگەڵ جوتیاران، پەرەپێدان بە لایەنی بازرگانی و دیاری کردنی ئەو برە پارەییەی دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت و بڕی ئەم قازانجەی کە دەکرێت یاخود دیاری کردنی ڕێژەی خەرجیەکانی دەوڵەت.

الملك الظاهر غازي لە فەرمانڕەوایەتیەکەی دا چەندین کەسایەتی بە توانای دانا بوو بۆ سەرپەرشتی کردنی کاری خەزێنە و دارایی وەك: ناصح الدين اسماعيل کوڕی عميد الدمشقي کردبووی بە خاوەنی دیوان و دارایی (أبى شامة، 1974، 3/112-113). هەروەها الأسعد کوڕی مماتي کە لە میسرەوە هاتبوو ئەمەش دوای ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ وەزیری میسر صفي الدين بن شكر تێك دەچێت دێتە حەلەب الملك الظاهر غازي پشتیوانی لێدەکات. بۆیە ماوەیەك لە خەزێنەی حەلەب کار دەکات، ئەوە جگە لەوەی لە بواری بیناسازیشدا

شارەزای هەبووە نابراو لە ساڵی (606ك/1209ز) مردووە (ابن خلكان، 1978، 1: 212 ؛ ابن كثير، 1988، 13، 52).
الملك الظاهر غازي لە کۆتایەکانی تەمەنیشی دا زۆر گرنگی بە کەسایەتی طواشي شهاب الدين تغريل دەدا کە بە ڕەگەز ڕۆمی بوو، ئەوە جگە لەوەی خزمەتکارو باشترین هاوڕێی نزیکی بوو (ابن الأثير، 2012، 10: 297). هەروەها کەسێکی زۆر دادپەروەر بوو بۆیە لایەنی خەزێنەو دارایی حەلەبی دابووە دەستی و بە باشی کارو بارەکانی بەڕێوەدەربرد (Hasan, 2005, 154). هەمیشە لە کارەکانی ڕازی بوو ڕەخنەی لێنەدەگرت، هەر بۆیەش کردبووی بە بەخێوکەری کوڕە بچوکەکەی (ابن واصل، 1957، 3: 239 ؛ ابن الفوطي، 2003، 87).

## پەیوەندی غازي لەگەڵ زانست خوازان و نوسەران

### ١. پەیوەندی لەگەڵ شاعیرو ئەدیبان

ئارەزوو و خولیای الملك الظاهر غازي بۆ فێربوون و گەڕان بە دوای زانست و زانیاریدا ڕەنگدانەوەی هەبوو لە سەر ژیانی. ئەمەش ببوە هۆکارێك بۆ گرنگی دان بە لایەنی ڕۆشنبیری شاری حەلەب و بایەخ دانی زۆری بە لایەنی زانست و ئەدەب و بابەتە ئاینیەکان. لەم چوارچێوەیەشدا هەروەك دەبینین بە شێوەیەکی کرداری چاوپێکەوتن و دانیشتنی لەگەڵ شاعیر و نوسەرەکاندا هەبوو، هانی داون بە خشینی دیاری پێیان (ابن الأثير، 2012، 10: 296 ؛ الجاسر، 2000، 155).
ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە سەیری سەرچاوە مێژوویەکان بکەین بۆمان دەردەکەوێت لەگەڵ زۆربەی نوسەر و زانست خوازاندا نێوانی باش بووە، لە ڕووی لایەنی ئەدەبیەوە زۆر ڕێزی لە شاعیران و بەرهەمەکانیان دەگرت پەیوەندیەکی باشی هەبوو لەگەڵیان (الرقب، 1993، 39). ئەو گرنگی دانەش کاریگەری و ڕۆڵی خۆی هەبووە لەسەر گەشانەوەی بابەتی ئەدەبیدا. تەنانەت خۆشی توانای شیعر نوسینی هەبوو زۆر جار بە شیعر نامەیان بۆ ناردووە ئەویش بە هەمان شێوە بە شیعر وەڵامی داوەتەوە، هەر وەکو شاعیری ناوداری حەلەب مهذب الدين أبا المحاسن ماجد کوڕی محمد کوڕی القيسراني چەند دێرێکی شیعری بۆ ناردووە، کاتێك وەڵامی دەداتەوە لەسەر هەمان وەزن قافیەی ئەو بە شیعر بۆی نوسیوەتەوە (ابن واصل، 1957، 3: 245).
ژمارەی ئەو شاعیر و نوسەرانەی لە حەلەب پەیوەنیان لەگەڵیدا هەبووە زۆرە هەر وەکو : أسعد کوڕی الخطير کوڕی زکريا أبي المليح کوڕی مماتي ساڵی (606ك/1209ز) مردووە. یەکێك بووە لە شاعیرە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمە و نوسەرێکی بە توانا بووە (محمد، 2016، 437). چەندین بەرهەمی هەبووە وەکو (سر الشعر، علم النثر)، یەکێك لە بەرهەمەکانیشی بە ناوی (كرم النجار في حفظ الجار) بە تایبەت بە الملك الظاهر غازي بەخشیووە (الصفدي، 2000، 9: 16).
بەهۆی ئەم ڕووخۆشی و گرنگی دانەی بە نوسەران وای کردبوو ژمارەیەکی زۆری شاعیران و ئەدیب دۆستان لە دەوری کۆببنەوە و شیعر و پەخشانی بۆ بنوسن هەروەکو شاعیر سالم کوڕی سعادة کوڕی عبدالله کوڕی أحمد کوڕی علي الحمصي یەکێك بووە لەو شاعیرانەی لە شاری حەلەب ژیاوە و ماوەیەکی زۆر خزمەتی کۆشکی کردووە چەندین جار شیعری بۆ گوتوەو هاوڕێیەتی کردووە (ابن العديم، 1957، 9: 4105-4106).

### ٢. پەیوەندی لەگەڵ پزیشکاندا

جگە لە بابەتە ئەدەبیەکان لە ڕێگەی تێڕوانین و لێکۆڵینەوە لە سەرچاوە مێژوویەکانەوە بۆمان دەردەکەوێت الملك الظاهر غازي لەگەڵ چینی پزیشکانیش پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی هەبووە، خۆشی جێگای سەرنجیان بوو! چونکە زۆر یارمەتی دەدان و هاندەریان بوو ،پاداشتی دەکردن و جێگەی مانەوەی بۆ دابین دەکردن ئەمەش لە بەر ئەوەی لە شاری حەلەب پێویستی پێیان هەبووە بۆ خزمەتکردنی وڵات سودی لێ بینیون (محمد، 2016، 432). ئەگەر سەیرکەن چەندین کەسایەتی وەکو پزیشك ناویان هاتووە لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیەکەیدا .
وەکو شمس الدين محمد کوڕی عبدان کوڕی عبدواحيد کوڕی اللبودی ناسراو بە شمس الدين اللبودي ساڵی (621ك/1224ز) مردووە. یەکێك بووە لەو پزیشکانەی پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵدا هەبووە ماوەیەکی زۆر خزمەتی کردووە. خاوەنی چەندین بەرهەمە لە زانستی پزیشکی دا (الصفدي، 2000، 3: 166). بەتایبەتی ئەو کەسایەتیە بە زیرەکی بە توانای لە کارکردندا ناسرابوو، سەرەڕایی ئەوەش وانەی دەگوتەوە لە حەلەب ناوبراو دوای مردنی الملك الظاهر غازي لە ساڵی (613ك/ 1216ز) حەلەب بەجێدێڵێت و دەڕواتە دیمەشق (ابن أبي أصيبعة، 1957 ، 2: 184).
یەکێکی تر لەو پزیشکانە فخرالدين محمد عبدالسلام کوڕی عبد الرحمن ناسراو بە فخرالدين الماردينی ساڵی (594ك/1198ز) مردووە. جێگەی سەرنجی الملك الظاهر بوو هەر لەبەر ئەو هۆکارەش کاتێك هاتۆتە حەلەب بانگی کردووە ڕێزی زۆری لێناوە (Leaman, 2015, 308) چونکە پزیشکێکی زۆر لێهاتوو بووە، داوای لێکردووە لە لای بمێنێتەوە و پاداشتێکی زۆری کردووە (ابن فضل الله العمري، 2002، 9: 406)، ئەویش بۆ ماوەی دوو ساڵ لە خزمەتیدا ماوەتەوە (ابن بطوطة، 1996، 2: 86).
یەکێکی تر لەو پزیشکانە ابو نصر أسعد کوڕی أبي الفتح الياس کوڕی جرجيس المطران ناسراو بە الموفق الدين المطران کە یەکێك بوو لە هەرە پزیشکە ناودارەکانی سەردەمی خۆی لە بواری دروستکردنی دەرمانیشدا کاری زۆر کردووە. السلطان

صلاح الدين خۆی گرنگی پێداوە، دواتر چۆتە حەلەب و سەردانی الملك الظاهر غازي كردووە و بۆتە پزیشك لە لای ئەو (ابن أبي أصبعة، 1957، 2: 175).

پزیشكێكی تر كە بە ڕەچەڵەك یەهودی بوو ناوی الحجاج یوسف كوڕی یحیی كوڕی اسحاق السبتي المغربيي زیاتر بە ابن شمعون ناسرا بوو ساڵی (623ك/ 1226ز) مردووە. كەسێكی بە توانا بوو لە زانستی پزیشكی و فەلەكناسی و هەندەسەدا. پزیشكی تایبەتی بووە و زۆر پشتی پێبەستوە (bonadeo, 2013, 152)خاوەنی چەندین بەرهەمە لەوانە (شرح الفصول، رسالة في ترتيب الأغذية اللطيفة والكيفية في تناولها) خزمەتی زۆری كردووە لە حەلەب ( القفطي، 2003، 292).

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت الملك الظاهر غازي كەسێك نەبوو جیاوازی بكات لە نێوان ڕەگەزەكاندا بۆیە كەسێكی بە ڕەگەز یەهودی دەكاتە پزیشكی خۆی (محمد، 2016، 432). دوای مردنی الملك الظاهر هەر لە حەلەب نیشتە جێ دەبێت دواتر دەچێتە لای میمون القصري كە یەكێك بوو لە سەركردە ناودارەكانی سوپای سەلاحی، لە خزمەتی ئەو كەسایەتیە دادەبێت هەر بەردەوامیش بوو لە گوتنەوەی وانەی پزیشكی تاكو مردنی ( الصفدي، 2000، 29: 171).

یەكێكی تر لەو پزیشكانەی پەیوەندی پتەوەی هەبوو لەگەڵیدا ناوی موفق الدين محمد كوڕی عبداالطيف كوڕی یوسف البغدادي ساڵی (629ك/ 1232ز) مردووە.خاوەنی چەندەها بەرهەم بووە لە بواری پزیشكی دا لەوانەش (الحكمة العلائية ، القولنج، تعقب اوزان الأدوية)، (الكتبي، 1973، 2: 387). مامۆستایەكی دیار بووە وانەی پزیشكی دەگوتەوە لە حەلەب كاری نوسینیشی دەكرد (ابن خلكان، 1971، 7: 44).

### ٣. پەیوەندی لەگەڵ فەقێكان و زانایانی ئاینی

لەو سەردەمەی الملك الظاهر غازي تێدا فەرمانڕەوایی كردووە چەندین فەقێ و زانایی ئاینی لە حەلەبدا بوونی هەبووە پەیڕەویان لە زانستە شەرعیەكانی وەكو زانستی فیقهی كردووە ئەویش بە پشت بەستن بە قورعان و شیكردنەوەی فەرمودە. فەقێكان و پێگەیەكی باشیان هەبوو لە حەلەب، پاڵپشتیەكی زۆری دەكردن (ابن الفرات، 1970، 1: 196). ژمارەی ئەو فەقێیانەی پەیوەندیان لەگەڵ الملك الظاهر غازی دا هەبووە زۆرە، بۆیە بە پێویستی نازانین ناوی هەموویان بهێنین تەنها چەند دانەیەك وەكو نمونە دەخەینە ڕوو.

فەقێ حسام كوڕی غزي كوڕی یونس المحلي المصري الشافعي ساڵی (629ك/1232ز) مردووە. شارەزایەكی باشی هەبووە لە گێرانەوە مێژوویەكاندا، كەسێكی لێهاتوو بووە لە وتنەوەی وانەكان لە وڵاتی شام، الملك الظاهر ڕێزێكی زۆری لێگرتووە وهەرجارێك سەردانی بكردایە پاداشتی دەكرد (ابن كثير، 2003، 17: 196).

هەروەها البهاء أسعد كوڕی یحیی كوڕی موسا كوڕی مەنسور كوڕی عبدالعزيز السنجاری لە ساڵی (624ك/1227ز) مردووە. فەقێیەكی شافعی ناودار بووە، لە بواری شیعریشدا سەركەوتوو بووە، چۆتە لای الملك الظاهر غازي و خزمەتی باشی كردووە (ابن خلكان، 1978، 1: 215). ئەمەش دوای هاتنی بۆ حەلەب لە ساڵی (609ك/1212ز) وەكو نێردراوێك، لەو كاتەوە پەیوەندیەكی باشی دروست كردوە لەگەڵیدا. بۆ جاری دووەمیش سەردانی كردۆتەوە لە ساڵی (611ك/1214ز) ماوەیەك زۆر لەلای ماوەتەوە زۆر وەسفی كردووە (محمد، 2016، 433).

یەكێكی تر لەو فەقێیانە عدی كوڕی أبی بركات كوڕی صخر كوڕی مسافر ساڵی (625ك/ 1228ز)مردووە. بە كەسێكی چاكەكار ناسرا بوو ئامۆژگاری خەڵكی دەكرد بۆ چاكە كردن كەسێكی زۆر خوا پەرست بوو (الذهبي، 1993، 38: 231). لە یەكێك لە خانەقاكانی حەلەب دا دەژیا و خەڵكیش سەردانیان دەكرد تەنانەت خودی الملك الظاهر خۆشی دەچووە لای ئەمەش لەبەر ئەوەی توانیایەكی باشی هەبوو لە زانستە دینیەكاندا (ابن المستوفي، 1980، 116).

### ٤. پەیوەندی الملك الظاهر غازي لەگەڵ شهاب الدين السهروردي

یحی كوڕی حبش كوڕی أميرك ناسراو بە شهاب الدين السهروردي یەكێك بوو لە فەیلەسوفەكانی سەدەی ناوەڕاست. قسەكەرێكی بە تواناو مامۆستایەكی لێهاتوو و شارەزا بوو لە زانستی فیقهدا (ياقوت الحموي، 1993، 6: 2807). لە شاری السهرورد لە باكوری ڕۆژئاوای ئێران لە ساڵی (549ك/1154ز) لە دایك بووە ( Leaman, 2015, 465). كاتێك لە ساڵی (579/1183ز) دێتە حەلەب لە قوتابخانەی الحلاوية دەست بە وتنەوەی وانە دەكات (ابن أبي أصبعة، 1957، 2: 167 ؛ الرقب، 2008، 122). بە هۆی زیرەكی لێهاتویەوە ناوبانگی باشی دەركردبوو لە حەلەب لەبەر ئەوە الملك الظاهر غازي بانگێشتی لای خۆی دەكات و زۆر ڕێزی لێ دەگرێت تاوەكو ڕۆژێكیان زۆربەی كەسایەتیە بەناوبانگەكانی حەلەب وەكو زانایانی ئاینی و فەقێكان لە دیوانی الملك الظاهر غازي كۆدەبنەوە بۆ جەدەل و گفتۆگۆكردن، كە لەو سەردەمەدا شتێكی باو بووە (ياقوت الحموي، 1993، 6: 2807)، ئەوانەی لە كۆڕەكەدا دانیشتون كەسیان ناتوانن كێبركێی لەگەڵ دا بكەن، بەهۆی هێنانەوەی بەڵگە بەهێزەكانی ئەمەش دەبێتە هۆی تورە بوونی بەشێك لە زانایانی ئاینی و فەقێكانی حەلەب ( Leaman, Nasr, 1: 435 )، بۆیە نامەیەك دەنوسن بۆ السلطان صلاح الدين هۆشداری دەدەن و كۆمەڵێك تۆمەتی دەدەنە پاڵی وەكو ئەوەی لە ئاین دەرچووە و بێ باوەڕە. ئەگەر زوو فریای نەكەوێت بەم شێوەیە

بەردەوام بێت ئەوا ڕەنگە الملك الظاهری کوڕیشی لە دین لابدات (ابن الفرات، 1969، 2: 56).

لە بەرامبەر ئەوەشدا السلطان صلاح الدين داوا لە القاضي الفاضل دەکات نامەیەك بنوسێ بۆ الملك الظاهر غازي تێیدا فەرمانی کوشتنی شهاب الدين السهروردي دەر بکات (ابن أبي أصبعة 1957، 2: 167). هەروەك دیارە ئەویش لە ژێر فشاری فەقێکانی حەلەب و نامەکەی باوکی کە جەختی کردبۆوە لە سەر کوشتنی شهاب الدين السهروردي ناچار دەستگیری دەکات دوای چەند ڕۆژێك لە زیندانی کردنی بڕیاری خنکاندنی دەردەکات لە ساڵی (587ك/1191ز) لە تەمەنی (38) ساڵیدا کۆتای بە ژیانی دێنێت (ابن الفرات، 1969، 2: 57).

السلطان صلاح الدين بۆیە ئەو بڕیارەی دەکردبوو چونکە لەو سەردەمەدا زیاتر باوی جیهاد بووە هەر بیرو بۆچونێکی لەم شێوەیە ڕەتکراوەتەوە و دژایەتی کراوە کە خەڵك هانبدات بۆ سارکردەوە لە ئاین و جهاد کردن.

دیارە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەیەش کاریگەری هەبووە لەسەر الملك الظاهر غازي چونکە خۆی نەیویستوە ئەم کارە ئەنجام بدات، بۆیە دواتر پەشیمان بۆتەوەو فەرمانی دەرکردووە و هەموو ئەو کەسانەی سزا داوە کە دەستیان هەبووە لە نوسینی ئەو نامایە بۆ باوکی. هەروەها دەستی بەسەر ماڵ و سامانەکەیان داگرتووە و زیندانی کردوون (ياقوت الحموي، 1993، 6: 2807 ؛ السهروردي، 2016، 132).

## باسی سێیەم: گرنگیدانی غازي بەلایەنی شارستانی

### أ. دام و دەزگای فێرخوازی

قوتابخانەکان لە دەزگا گرنگەکانی فێرکردن بوون لە سەردەمی پاشاکانی دەوڵەتی ئەیوبیدا لەبەر ئەوە بایەخێکی زۆریان پێدەدا. الملك الظاهر غازي یەکێك بوو لەوانەی کە توانای مادی خۆی خەرج کردبوو لە دروست کردنی قوتابخانەکاندا (ابن واصل، 1957، 3: 9 ؛ الأويسي، 2003، 402). گرنگی زۆری بە دروستکردی دەزگاکانی فێرخوازی دەدا چونکە خۆی خۆشەویستیەکی زۆری هەبوو بۆ زانست و زانیاری و نوسەر و ڕۆشنبیرانی لە خۆی نزیك دەکردەوە سودی زۆری لێ دەبینین (ابن خلكان، 1978، 4:6 ؛ اليافعي، 1997، 2: 310).

بەهۆی کردنەوەی ئەو قوتابخانەو دەزگایانە وای کردبوو حەلەب لە سەردەمی ئەودا ببێت بە گەورەترین بنکەی هزری و ڕۆشبیری (Meri, 2006, 1: 28). بۆ ئەوەی خەڵکێکی زۆر ڕوو لە زانست بکات. بنیاد نانی ئەم فێرگانەش لە داهاتوو دا وەکو ڕەمزێك بوون و مانەوە تاوەکو دەرخەری ئەو ڕاستیە بن (محمد، 2016، 430). پەروەردە بوونیشی لەناو ژینگەیەك دابوو هاندەر بوو بۆ گرنگی دانی بە زانست و فێرخوازی. پاشاکانی تری ئەیوبی کاریگەریان هەبوو لەسەر ڕۆشبیریەکەی و وای کردوە زانایانی زۆر بانگهێشتی لای خۆی بکات و گوێیان لێ بگرێت (ابن شداد، 1991، 1: 260 ؛ المنزري، 1984،2: 368 ؛ ابن الفرات، 1970، 1: 196).

لەو فێرگانەشدا چەندین وانەی جیا جیای تێدا دەخوێندرا وەکو زانستی فیقهە و حەدیس و تەفسیرکرنی قورعان و زمانەوانی و ڕێزمان و بیرکاری و مێژوو و زانستی کەلام و زانستی پزیشکی و فەلەکناسی و چەندین وانەی تر لە گرنگترین ئەو قەتابخانانەش بایەخی پێدان و دروستی کردون ئەمانەن:

**١. قوتابخانەی الظاهرية:** (شافعية)

ئەم قوتابخانەیە لە ساڵی (610ك/1213ز) لە لایەن الملك الظاهر غازي بنیادنرا. پێشی دەگوترا قوتابخانەی شافعية لەبەر ئەوەی ئەو ڕێبازەی لەسەری دەڕۆیشتن و پەیڕەویان دەکرد تایبەت بوو بە خوێندنی زانستە شەرعیەکان لە سەر مەزهەبی شافعی (ابن شداد، 1991، 1: 260 ؛ الغزي، 1923، 2: 299). هەڵکەوتەی جوگرافی قوتابخانەی الظاهرية دەکەوتە دەرەوەی باب النصر لە ڕۆژهەڵاتی الخاتونية الحنفية، لە ڕۆژئاواشی خانەقای الحسامية بوو لە نێوان ڕووباری القنوات و بانیاس لە حەلەب (النعيمي، 1990، 1: 257).

لە تەنیشت قوتابخانەکەش دا پارچەیەك زەویان بەجێهێشت تاوەکو ببێتە گۆرستانی میر و پاشاکان (ابن العجمي، 1996، 317/1). هەروەها دوای ئەوەی کە بینای قوتابخانەکە تەواو بوو لە کاتی کردنەوەیدا الملك الظاهر غازي خۆی ئامادە دەبێت و بانگهێشتی کەسایەتیە گەورەکان و فەقێکانی حەلەب دەکات، ئەمەش ڕۆژێکی دیار بوو لە مێژووی شاری حەلەب دا. بایەخی زۆر دەدا بەو قوتابخانەیە لە پێناو ئەو کارەشیدا القاضي بهاء الدين ابن شدادی ڕاسپاردبوو بۆ ئەوەی بەڕێوەیببات و سەرپەرشتی بکات لە بەرامبەر ئەوەشدا پاداشتی باشی پێدەدا (ابن خلكان، 1971، 7: 98). دوای ئەوەش یاردەدەرێکی بۆ دابین کرد بە ناوی شرف الدين أبي الطالب العجمي ساڵی (620ك/1203ز) مردووە. بۆ ئەوەی کار و باری قوتابخانەکە ئاسان بێت (الحلبي، 1988، 2: 183-184 ؛ محمد، 2016، 430).

دواتر داوای لە زانا بە ناو بانگەکان کرد وانە بڵێنەوە لەو قوتابخانەیەدا، دەربارەی ئەو زانستانەی لەوێ دەخوێندرا بریتی بوون لە فیقهە و زانستی ڕێزمان و تەفسیر واتە بە پێی پسپۆڕیەکان هەندێك مامۆستایان لەوێ دامەزراند (ابن العجمي، 1996، 1: 318).

ئینجا الملك الظاهر غازي کەسایەتی فەقێ ضياء الدين أبو المعالي محمد کوڕی الحسن بن سعيد بن عبدالرحمن ابن العجمي لە ساڵی (625ك/1228ز) مردووە. لەو قوتابخانەیە دادەنێت. ناوبراو زانیاریەکی زۆری هەبوو لە بواری فیقهە و حەدیسدا لەبەر ئەوە ئەرکی وانە گوتنەوەشی پێدەسپێرێت. ئەوەی شایانی باسە ژمارەیەکی زۆر خوێندکار ئامادەی

وانەکانی دەبوون لە یەکەم وانەشیدا لە پێش هەموویانەوە الملك الظاهر غازي خۆی بەژدار بوو (ابن شداد، 1991، 1: 260).

### ٢. قوتابخانەی الهروية

یەکێك بوو لەو قوتابخانانەی لە ژێر فەرمانی الملك الظاهر غازي بڕیاری دروستکردنی درابوو. هۆکاری ناونانی ئەم قوتابخانەیە دەگەڕێتەوە بۆ ناوی کەسایەتی الشخ أبو الحسن علي کوڕی أبوبکر الهروي لە موسڵ لە دایك بووە، لە ساڵی (611ك/1214ز) مردووە. لە ژورێکی هەمان ئەو قوتاخانەیەشدا نێژراوە (أبن خلكان، 1971، 3: 347 ؛ الحلبي، 1988، 2: 184 ؛ Meri, 2006, 1: 313).

ناوبراو لە حەلەب پەیوەندیەکی پتەوی هەبوو لەگەڵ الملك الظاهر غازي دا و لێی نزیك بوو کەسێکی بە توانا بوو بۆ وانە وتنەوە (الهروي، 1972، 14). لەبەر ئەزموونی زۆری و لێهاتویی هەر ئەو کاتەی هاتۆتە حەلەب کردویەتی بە ڕاوێژکاری خۆی (Meri, 2006, 1: 313). جگە لەوەش بڕیاری داوە بە دروستکردنی قوتابخانەیەك لە حەلەب بە ناوی ئەو، بۆ ئەوەی وانەی تێدا بڵێتەوە (الذهبي، 1993، 44:82). هەموو پێداویستیەکانیشی بۆ ئامادەکردوە لەگەڵ دروست کردنی ژووری مانەوە بۆ مامۆستاکان ( ابن خلكان، 1971، 3: 347).

لەو قوتابخانەیەدا زیاتر زانستە دینیەکانی تێدا دەخوێندرا لەسەر مەزهەبی شافعی (العجمی، 1996، 1: 319). چەندین مامۆستای بە تواناو فەقێ وانەیان تێدا وتۆتەوە وەکو الشيخ موفق الدين أبو القاسم کوڕی عمر کوڕی فضل الكردي الحمدي ساڵی (610ك/1213ز) مردووە. لەگەڵ الشيخ الأمام شمس الدين أبو المظفر حامد کوڕی عميد عمر کوڕی أميري کوڕی ورشي القزويني ساڵی (636ك/1239ز) مردووە (ابن شداد، 1991، 1: 261).

### ٣. قوتابخانەی الصاحبية

ئەم قوتابخانەیەش لە حەلەب ساڵی (601ك/ 1205ز) دروست کراوە لە لایەن القاضي بهاءالدين ابن شداد. بە بڕیاری الملك الظاهر غازي کە دەسەلاتێکی تەواوی پێ بەخشی بوو و سەرجەم پێداویستیەکانی بۆ دابین کردبوو. هەروەها ڕایسپاردبوو بۆ ئەوەی سەرپەرشتی دروست کردنی ئەو قوتابخانەیە بکات. دوای تەواو بوونیشی ژمارەیەکی زۆر قوتابی و فەقێی پێگەیاند. القاضي بهاءالدين ابن شداد تاوەکو مردنی بەردەوام بوو لە بەڕێوەبردنی ئەم قوتابخانەیە (ابن واصل، 1957، 3: 9).

ئەوەی شایەنی باسە زیاتر دادوەرەکان لەم خوێندنگایەدا وانەیان وتۆتەوە وەکو القاضي كمال الدين أبو بكر أحمد، القاضي محيي الدين أبو محمد ساڵی (609ك/ 1012ز) مردووە. دوایی القاضی بهاء الدين ابن شداد سەرپەرشتیکردنی ئەم قوتابخانەیە دەبەخشێت بە القاضي زين الدين أبا محمد عبدالله کوڕی الشيخ الحافظ عبدالرحمن کوڕی علوان الأسدي (ابن شداد، 1991، 1: 251-252).

### ٤. قوتابخانەی الظاهرية (السلطانية)

الملك الظاهر غازي پێش مردنی فەرمانی دروست کردنی ئەم قوتابخانەیەی دەرکرد بوو، بەڵام قۆناغی تەواو بوونی کەوتە دوای مردنی. شوێنە جوگرافیەکەی کەوتبووە بەرامبەر قەڵای حەلەب (ابن شداد، 1991، 1: 252 ؛ طلس، 2017، 22). هەروەها جگە لە ناوی الظاهرية بە قوتابخانەی السلطانيةش ناسرا بوو (مغلطاي بن قليج ، 2003، 56). ناوەوەی قوتابخانەکە پێك هاتبوو لە هۆڵێکی خوێندن و مزگەوتێك و گۆڕستانێك یەکەیەکی نیشتەجێبوون و لەگەڵ حەوشەیەکی گەورە حەوزێکی ئاوی تێدا بوو ( Bloom, Blair, 2009, 1: 113).

کەسایەتی دیاری حەلەب شهاب الدين تغريل بەخێوکەری الملك العزيزی کوڕی الملك الظاهر لە ساڵی (620ك/1223ز) دەستی بە تەواوکردنی کرد (Tonghini, 2012, 82). ئەو وانانەی لەو قوتابخانەیە دەخوێندرا هاوبەش بوو لە نێوان هەردوو مەزهەبی شافعی و حەنەفی (ابن شداد، 1991، 1: 252-253 ؛ ابن العجمي، 1996، 1: 294). بە شێوازێکی زۆر پتەو دروست کرابوو، ئەوەی شایانی باسە کاتێك الملك الظاهر کۆچی دوای دەکات لە ساڵی (613ك/1216ز) لەو قوتابخانەیە دەنێژرێت لەسەر دەرگای قوتابخانەکەش نوسراوە گۆڕی الملك الظاهر غازي لێرەیە (النعيمي، 1990، 1: 257 ؛ الحلبي، 1988، 2: 183 ؛ الصالح، 2022، 113).

### ٥. قوتابخانەی الشاذبختية

ئەم قوتابخانەیە لە لایەن الأمير جمال الدين شاذ بخت جێگرەوەی نورالدين محمود کوڕی عمادالدين زنكي، لە حەلەب لە ساڵی (560ك/ 1165ز) دروست کرابوو. هەرچەندە ئەو قوتابخانانەیە پێش الملك الظاهر غازي دروست کراوە، بەڵام گرنگی و بایەخی زۆری پێدەدا و نۆژەنی کردبۆوە (ابن العجمي، 1996، 1: 341).

مامۆستای لێهاتوو و بە توانای هەڵدەبژارد بۆ ئەوەی وانەی تێدا بڵێنەوە وەکو دامەزراندنی مامۆستا موفق الدين أبو الثناء محمود کوڕی هبةالله کوڕی طارق النحاس ساڵی (602ك/ 1205ز) مردووە. لە کاتی وانە گوتنەوەکانی شێوازی گفتوگۆی پەیرەو دەکرد لەگەڵ خوێندکارەکانیدا (محمد، 2016، 431). هەروەها سەرپەرشتی کردن و دامەزراندنی مامۆستاکانی دەرکرد بۆ قوتابخانەی العصروني لە حەلەب دروست کرابوو لە ساڵی (550ك/ 1155ز)دا لەلایەن قازی عبدالله کوڕی محمد کوڕی أبي عصرون ناسراو بە فەقێی شام (النعيمي، 1990، 303). دواتر القاضي شمس الدين محمد بن يوسف کوڕی الخضر ساڵی (614ك/1217ز) مردووە. لەو

قوتابخانەیەدا وانەی گوتۆتەوە (ابن شداد، 1991، 1: 272 ؛ محمد، 2016، 429).

### ب. مزگەوت و مەزارگەی ئاینی

سەرەڕای دروست کردنی قوتابخانانە و فێرگەی زانستی، چەندین مزگەوت و مەزارگەی دروست کردووە و گرنگی بە خانەقاش داوە. کە ئەهلی تەسەوف و فەقێکان لەو دامودەزگایانە کۆدەبونەوە و ڕویان تێدەکرد بۆ خودا پەرستی و وانە گوتنەوە و گفتوگۆکردن و دەربارەی ئەم بابەتانەی کە پەیوەندی بە زانستە شەرعیەکانەوە هەبوو.

خۆی سەردانیانی کردووە و کەم و کوڕیەکانیانی بۆ پڕکردونەتەوە. ناوی چەند مزگەوتێك لە حەلەبدا هاتووە کە دروستی کردووە وەکو: (المسجد الكبير) مزگەوتی گەورە لەناو قەڵای حەلەب لە ساڵی (608ك/1211ز)دا لەسەر دەروازەی مزگەوتەکەش نوسرا بوو بە فەرمانی الملك الظاهر غازي دروست کراوە (الحلبي، 1988، 2: 183 ؛ طلس، 2017، 55).

کاتێك لە ساڵی (585ك/ 1189ز) لە باشوری قەڵای حەلەب (دار العدل) دادگایی حەلەبی دروستکرد ( Jayyusi, Holod, 2008. 1: 332). لە ناو دادگاکەدا مزگەوتێکشی بنیاد نا. بەهەمان شێوە (بباب الصغير) یەکێکی تر بوو لەو مزگەوتانەی کە الملك الظاهر غازي لە حەلەب دروستی کردبوو (ابن شداد، 1991، 1: 181).

جگە لە دروست کردنی مزگەوت چەندین مەزارگەی سونیشی دروست کردووە وەکو مەزراگەی شيخ الزاهد علي الهراوي ساڵی (612ك/1215ز) مردووە. لەگەڵ مەزارگەیەکی تایبەت بە خۆی لە باشوری ڕۆژئاوای حەلەب زۆر جار خۆی سەردانی دەکرد. هەروەها لە ساڵی (601ك/1205ز) دا مەزارگەیەکی تری بە ناوي الشيخ فارس لە بابيلا لە باکوری حەلەب دروست کردووە (Tabbaa, 1997, 36).

سەرەڕایی گرنگیدانی بە مەزهەبی سونی، گرنگی بە مەزهەبی شیعەکانیش داوە چەندین مەزارگەی بۆ کردونەتەوە وەکو المشهد الدكة الحسين لە ڕۆژئاوای حەلەب لەگەڵ سيدي غوث کە شوێنێکی گرنگ بون بۆ شیعەکانی ئەو کات سەردانیان دەکرد (Bloom, Blair, 2009, 1: 46). جیاوازی نەکردن لە نێوان هەردوو مەزهەبی سونەو شیعەدا ئەوە دەردەخات کە الملك الظاهر غازي بە شوەیەکی یەکسان مامەڵەی کردووە لەگەڵ ئەو دوو مەزهەبەدا.

### ج. دروست کردن و نۆژەنکردنەوەی قەڵاو ڕووبار و ڕێرەوی ئاوی بۆ ناو حەلەب

الملك الظاهر غازي گرنگی زۆریشی بە لایەنی ئاوەدانکردنەوەی شاری حەلەب داوە. بە تایبەت ئەو ڕووبار و کانی و سەرچاوە ئاویانەی لە چواردەوری حەلەب هەبوون و دەتوانرا ڕێرەویان بهێنرێتە ناو حەلەب کاری لێیان کردووە، لە شێوەی جۆگە و کەناڵ ڕایکێشاون (الغزي، 1923، 1: 60). بۆ خواردنەوە و کشتوکاڵ و پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەیان سودی زۆری لێیان بینیوە. جا چ لە ڕێگەی نۆژەنکردنەوە و خاوێنکردنەوەی ئەم جۆگەو کەناڵانە بێت کە پێشتر هەبوون، بەڵام بە درێژای ڕۆژگار پڕ بوبونەوە و گیرابوون، یاخود لەڕێگەی دروست کردنی ڕێڕەو ونۆکەندی ئاوی بوو بێت (Tabbaa, 1997, 35).

یەکێك لەو کارانەی ئەنجامی دا لە ساڵی (605ك/1208ز) دروست کردنی کەناڵێکی ئاوی بوو لە حەیلانەو دەستی پێ دەکرد تاوەکو حەلەب (ابن شداد، 1991، 1: 341 ؛ الداوود، 2008، 100). حەیلانیش گوندێك بوو دەکەوتە باکوری حەلەب (الحلبي، 1988، 2: 172-173). پارەیەکی زۆری بۆ تەرخان کرد بوو، بۆ ئەم مەبەستەش چۆتە دیمەشق بۆ هێنانی پیشە وەران و کرێکاری شارەزا تاوەکو لەو پرۆژەیدا کاری بۆ بکەن. خۆشی سەرپەرشتی دەکردن بۆ ئەوەی دوریەکەی بپێون و ڕێرەوەکەی دیاری بکەن. میرەکانیشی ڕاسپاردبوو بۆ چاودێری کردن هەر میرە و کۆمەڵێك کرێکاری بۆ دانا بوو (الغزي، 1923، 1: 60).

وەك محمد بن المنذر لە ساڵی (605ك/ 1208) کردبووی بە سەرپەرشتیاری پرۆژەی ئاوی کەناڵی حەلەب و دابەش کردنی بەسەر شەقام گەڕەکەکاندا کە مانگانە (300) دەرهەمی پێدەدا لە پێناو ئەو کارەیدا (ياقوت الحموي، 1993، 2: 641 ؛ الصفدي، 2000، 9: 16 ).

دوای تەواو بوونی پرۆژەکەش لە ماوەی (58) ڕۆژدا چەند حەوزێك دروست دەکات بۆ گلدانەوەی ئاوەکە (الغزي، 1923، 1: 61). دواتر لە ڕێگەی دروست کردنی (القسطل) کە لە شێوەی بۆری بوو زیاتر لەم سەردەمەدا لە قامیش و دار دروستیان دەکرد ئاوەکەی دابەش دەکات بەسەر شەقامەکانی حەلەب و حەمام و مزگەوت و بازاڕو و خوێندگاکاندا (Tabbaa, 1997, 3). بە شێوەیەك ئاوی بۆ هەندێك شوێن ڕاکێشاوە کە لە مێژووی شاری حەلەب دا هیچ کات ئاوی بۆ نەچووە، سەرەڕایی ئەوەش بەکاریان دەهێنا بۆ ئاودانی باغ و کشتوکاڵ کردن (ابن شداد، 1991، 1: 342-243 ؛ الحلبى، 198، 2: 173).

چەندین قەڵای گرنگیشی نۆژەن کردۆتەوە وەکو: قەلای حەلەب و نۆژەنکردنەوەی مەقامی ابراهيم لە ناو قەڵاکە، ئاوەدان کردنەوەی قەڵای حريم لە ساڵی (595ك/1194ز) لە حەلەب، قەڵای المدق لە ساڵی (602ك/1206ز) لە الأفامية ( Tabbaa, 1997, 35 ; Hillenbrand, 2000, 495)، قەڵی نجم لە ساڵی (612ك/1215ز) لە حەلەب کە دەکەوێتە سەر کەناری ڕووباری فورات (Morray, 1994, 3: 3).

**دەرئەنجام:**

1. وێنەیەکی ڕوونی مێژووی کارگێڕی و سیاسی و شارستانی بنەماڵەیەکی کوردیمان بۆ دەردەکەوێت. بە تایبەت لە شارێکی کوردی وەکو حەلەب کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بۆتە مەڵبەندێکی گرنگ و گەشەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە.

2. الملك الظاهر غازي پاشایەکی وردبین بووە لە ڕووی هەڵبژاردنی کەسایەتیەکان بۆ پلەکانی کارگێڕی دەوڵەت و خۆی سەرپەرشتی سەرجەم کارەکانیانی کردووە، لەبەر ئەوە نەکەوتۆتە ناو هەڵەوە تاوەکو ببێتە هۆکارێك کە چمکێکی دەسەڵاتی لە دەست دەربچێت، بۆیە هەرکاتێك هەستی بەوە کردبێت کاربەدەستێکی خواستی دەسەڵاتی هەیە بە پەلە دووری خۆستۆتەوە سزای داوە.

3. لە چوارچێوەیەی ئەم جۆرە فەرمانڕەوایی کردنەی الملك الظاهر غازي، حەلەب جیا لە شارەکانی تری باکوری وڵاتی شام بووە یەکێك لە سەرکیترین و زیندوترین مەڵبەندی زانستە هزریەکان لە ڕووی کردنەوەی قوتابخانەکان وتنەوەی وانە و هێنانی پیشەوەران و دروست کردنی بیناو ئاوەدان کردنەوەی شارەکە.

4. بەهۆی بوونی پەیوەندی باشی الملك الظاهر غازی لەگەڵ زانایان و نوسەر و زانست خوازان وای کرد بوو کە ببێتە پاشایەکی خۆشەویست و جێگەی سەرنجی زانایان، بۆیە لە سەرتاسەری وڵاتی شام و میسرەوە کەسانی زانست خواز ڕویان تێدەکرد، جا چ بۆ وەرگرتنی زانیاری بێت یاخود بۆ گەیاندنی ئەو زانستە بێت کە لە لایان بوو.

## :ژێدەرەکان و سەرچاوە لیستی


**أ. سەرچاوەکان**

١. ابن الأثير: عز الدين أبى الحسن علي بن أبي الكرم محمد بن محمد، (ت: 630ه/1232م)، 2012، الكامل في التاريخ ، تح: الدكتور عمر عبدالسلام تدمري، بيروت، دار الكتاب العربي.

٢. الأصفهاني: أبو عبدالله محمد بن محمد بن حامد، (ت: 597ه/ 1201م)، 1987، البرق الشامي، تح: د. فالح حسين، عبد الحميد شومال، الأردن.

٣. ابن أبي أصبعة: موفق الدين أبو العباس أحمد بن القاسم، (ت: 668ه/1229م)، 1957، عيون الأنباء في طبقات الأطباء، تح: عامر النجار، القاهرة، دار المعارف.

٤. ابن بطوطة: محمد بن عبدالله اللواتي، (779ه/1377م)، 1996، رحلة ابن بطوطة (تحفة النظار في غرائب الامصار و عجائب الأفسار )، أكاديمة المملكة المغربية.

٥. سبط ابن الجوزي: شمس الدين أبي المظفر يوسف أوقزغلي بن عبدالله، (ت: 654ه/1256م)، 2013، مرات الزمان في تواريخ الأعيان، دمشق، جميع الحقوق محفوظة.

٦. الحنبلي: أحمد بن ابراهيم، (ت:876ه/1471م)، 1990، شفاء القلوب في مناقب بني أيوب، تح: ناظم رشيد، دار الحرية، بغداد.

٧. ابن خلكان: أبي العباس شمس الدين أحمد بن محمد بن أبي بكر، (ت: 681ه/1282م)، 1971، وفيات الأعيان وأنباء ابناء الزمان، تح: الدكتور احسان عباس، بيروت، دار صادر.

٨. الخياط: الأمير علم الدين سنجر المسروري الصالحي، (ت: 695ه/1296م)، 2002، المختصر من الكامل في التاريخ وتكملته (594-636ه)، تح: عمر عبدالسلام تدمري، بيروت، المكتبة العصرية.

٩. الذهبي: أبي عبدالله شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان، (ت: 748ه/1347م )، 1986، سير اعلام النبلاء، تح: بشار عواد- محي هلال السرحان، بيروت، مؤسسة الرسالة.

١٠. السيوطي: جلال الدين عبدالرحمن بن أبي بكر، (ت: 911ه/1505م)، 1964، بغية الوعاة في الطبقات الأغويين والنحاة، تح: محمد أبو فضل ابراهيم، لبنان، المكتبة العصرية.

١١. السهروردي: شهاب الدين يحيى بن حبش بن أميرك، (ت: 587ه/ 1191م)، 1971، ديوان شهاب الدين السهروردي، تح: المشهور الحبازي، بيروت، دار الكتب العلمية.

١٢. ابن شداد: عزالدين محمد بن على بن ابراهيم، (ت: 684ه/1285م)، 1991، الأعلاق الاخطيرة في ذكر أمراء الشام و الجزيرة، تح: يحى زكريا عبارة، السورية، منشورات وزارة الثقافة.

١٣. أبو الشامة: شهاب الدين عبدالرحمان بن اسماعيل بن ابراهيم بن عثمان المقدسي، (ت: 665ه/ 1266م)، 2002، تراجم رجال القرنين السادس والسابع المعروف بالذيل على الروضتين، لبنان، دار الكتب العلمية.

١٤. ابن الشعار: كمال الدين أبي البركات المبارك الموصلي، (ت654ه/ 1256م)، 2005، قلائد الجمان في فرائد شعراء هذا الزمان، تح: كامل سلمان الجبوري، بيروت، دار الكتب العلمية.

١٥. الصفدي: صلاح الدين خليل بن أبيك، (ت: 764ه/ 1363م)، 2000، الوافي بالوفيات، تح: أحمدز الأرناؤوط – تركي مصطفى، بيروت، دار احياء التراث العربي.

١٦. ابن العديم: شيخ كمال الدين عمر بن أحمد، (ت: 660ه/ 1262م)، 1984، الدراري في ذكر الذراري، تح: علاء عبدالوهاب محمد، دار السلام.

١٧. 1969، بغية الطلب في تاريخ الحلب، تح: سهيل زكار، بيروت، دار الفكر .

١٨. ابن العجمي: أحمد بن ابراهيم محمد بن خليل ، (ت: 884ه/ 1479م)، 1996 ، كنوز الذهب في تاريخ حلب، حلب، دار القلم العربي.

١٩. أبو الفداء: عماد الدين اسماعيل، (ت: 732ه/ 1331م)، 1968، المختصر في اخبار البشر، مصر، بالمطبعة الحسينية المصرية.

٢٠. ابن فضل الله العمري: شهاب الدين أحمد بن يحيى، (ت: 749ه/ 1349م)، 2010، مسالك الابصارفي ممالیك الامصار، تح: كامل سلمان الجمبوري، بيروت، بيروت، دار الكتب العلمية.

٢١. ابن الفرات: ناصرالدين محمد بن عبدالرحيم، (ت: 807ه/1404م)، 1970، تاريخ ابن الفرات، تح: الدكتور حسن محمد الشماع ، بصرة، دار الطباعة الحديثة.

٢٢. القفطي: أبو الحسن جمال الدين علي الشيباني، (ت646هـ/1248م)، 2005، أخبار العلماء بأخبار الحكماء، تح: إبراهيم شمس الدين، بيروت، دار الكتب العلمية.

٢٣. إبن كثير : عماد الدين أبو الفداء اسماعيل بن عمر، (ت774هـ/ 1372م)، 2003، البداية والنهاية ، تح: عبدالله بن عبد المحسن التركي، دار هجر للطباعة والنشر والتوزيع والإعلان.

٢٤. الكتبي: محمد بن شاكر بن أحمد، (ت: 764ه/1393م)، فوات الوافيات، تح: احسان عباس، بيروت، دار صادر.

٢٥. المقريزي: تقي الدين أبي العباس أحمد بن علي بن عبد القادرالعبدي، (ت: 845ه/ 1442م)، 1997، السلوك لمعريفة دول الملوك، لبنان، دار الكتب العلمية.

٢٦. إبن المستوفي : المبارك بن أحمد اللخمي، ( ت637هـ/1239م)، 1980، تاريخ إربل ، تح: سامي بن سيد خماس الصقار، بغداد، دار الرشيد للنشر.

٢٧. المنذري: زكي الدين أبو محمد، (ت: 656ه/ 1258م)، 1984، التكملة لوفيات النقلة، تح: الدكتور بشار عواد المعروف، بيروت، جميع الحقوق محفوظة.

٢٨. مغلطاي بن قليج : علاءالدين بن عبدالله بن البكجري، (ت: 762ه/1361م)، 2003، مختصر تاريخ الخلفاء، تح: اسيا كليبان علي بارح، بيروت، دار الكتب العلمية.

٢٩. النعيمي: عبدالقادر بن محمد، (ت: 978ه/ 1570م)، 1990، الدارس في تاريخ المدارس، لبنان، دار الكتب العلمية.

٣٠. ابن واصل: جمال الدين محمد بن سالم بن نصرالله المازني التميمي الحموي الشافعي، (ت: 697ه/1298م)، 1957، مفروج الكروب في أخبار بني أيوب، تح: جمال الدين الشيال، دار الكتب والوقائق القومية.

٣١. ابن الوردي: زين الدين عمر بن مظفر، (ت: 749ه/ 1348م)، 1996، تاريخ ابن الوردي، بيروت، دار الكتب العلمية.

٣٢. ياقوت الحموي: شيخ الامام شهاب الدين أبي عبدالله، (ت:626ه/1229م)، 1993، معجم الادباء، تح: احسان عباس، لبنان، دار الغرب الاسلامي.

٣٣. اليافعي: عبدالله بن سعيد اليمني المكي، (ت:768ه/ 1366م)، 1997، مرأة الجنان و عبرة اليقظان في المعريفة ما يعتبر من حوادث الزمان، بيروت، ، دار الكتب العلمية.

**ب. ژێدەرەکان**

**1. پەرتوك**

٣٤. الأويسي: عبدالرحمن بن حسين، 2003، نخبة من أعلام حلب الشهباء من أنبياء و علماء و أولياء، حلب، دار الرضوان للنشر.

٣٥. الأتروشي: شوكت عارف، 2007، الحياة الفكرية في مصر خلال العصر الأيوبي، دار دجلة المحقق.

٣٦. الجابري: سلام علي مزعل، 2020، ملكات البلاط الأيوبي ضيفة خاتون و شجر الدر خاتون، مركز الكتاب الأكاديمي.

٣٧. الجاسر: لمياء، 2000، مدارس حلب الأثرية تاريخها و عمارتها، حلب.

٣٨. الحلبي: محمد راغب الطباغ، 1988، أعلام النبلاء بتاريخ حلب الشهباء، حلب، دار القلم العربي.

٣٩. الحايك: منذر، 2006، العلاقات الدولية في العصر الحروب الصليبية، دمشق، الأوائل للنشر والتوزيع.

٤٠. الداوود: جورج فريد طريف، 2008، حلب في العصر المملوكي الأول، عمان، وزارة الثقافة.

٤١. الرقب: شفيق محمد عبدالرحمن، 1993، الشعر العربي في بلاد الشام في القرن السادس الهجري، دار صفاء للطباعة والنشر والتوزيع.

٤٢. الصالح: نضال، 2022، سهر الورد وجها الحرب و الحب في حلب، عمان، دار ناشرون و موزعون.

٤٣. طلس: محمد أسعد، 2017، الأثار الاسلامية و التاريخية في حلب، الناشر مؤسسة هنداوي.

٤٤. على : وفاء محمد، 1988، قيام الدولة الأيوبية في مصر و الشام، القاهرة، دار الفكر العربي.

٤٥. الغزي: كامل بن حسين بن محمد البالي الحلبي، 1923، نهر الذهب في تاريخ حلب، الحلب، المطبعة المارونية.

٤٦. النقيب: مرتضى حسن، 2012، أصول النقل والتحليل في الكتابة التاريخية، بغداد، المكتبة لسان عرب.

**٢. نامە ئەكاديميەكان**

٤٧. الشقيرات: حسين رجا أجمع، 2014، الملك المعظم عيسى الأيوبي ودورة في مقاومة الغزو الصليبي، جامعة موئة.

٤٨. العيساوي: وليد هادي صايل، 2016، الملك العادل سيف الدين أبوبكر و جهوده في بناء الدولة الأيوبية، جامعة ال البيت.

٤٩. أبو محسن: سمير حسين عبدالكريم، 2013، خلفاء صلاح الدين عند ابن واصل في كتابه ((مفروج الكروب في أخبار بني أيوب)) دراسة تاريخية منهجية، جامعة الاسلامية غزة.

**٣. توێژینەوە**

٥٠. محمد: ئاكو برهان، 2016، الجهود العلمية للملك الظاهر غازي الأيوبي و علاقتة بالعلماء المفكرين (582-613ك/1186-1216ز)، ب:20، ژ: 5، گوڤاری زانكو بو زانسته مرۆڤايەتيەكان.

**4. ژێدەرە ئینگلیزیەکان**

51. Bonadeo: Cecilia Martini, 2013, ' Abd al - Latif al - Bagdādī Philosophical Journey, Netherlands, Brill.

52. Bloom: Blair: Jonathan, Sheila S, 2009, The Grove Encyclopedia of Islamic Art and Architecture, New York, Oxford University Press.

53. Hillenbrand: Carole, 2000, The Crusades Islamic Perspectives, New York, Routledge.

54. Hasan : Mahmood, 2005, Ibn Al-Athir An Arab Historian A Critical Analysis of his Tarikh-al-Kamil and Tarikh-al-Atabeca, New Delhi, Northern Book Centre.

55. Jayyusi, Holod, Petruccioli, Raymond : Salma K, Renata, Attilio, André, 2008, The City in the Islamic World, Leiden, Brill.

56. Ruggles: D. Fairchild , 2000, Women, Patronage, and Self-Representation in Islamic Societies, New York, State University press.

57. Leaman : Oliver, 2015 The Biographical Encyclopedia of Islamic Philosophy, London, Bloomsbury Academic.

58. Morray : D. W, 1994, An Ayyubid Notable & his World al-Adīm & Aleppo Ibn as Portrayed in his Biographical Dictionary of People Associated with the City, Netherlands, E.J. Brill.

59. Meri : Josef W, 2006, Medieval Islamic Civilization An Encyclopedia, New York, Routledge..

60. Tabbaa : Yasser, 1997, Constructions of Power and Piety in Medieval Aleppo, Pennsylvania, Penn State Press.

61. Tonghini: Cristina, 2012, Shayzar I The Fortification of the Citadel, Netherlands, Brill.